# پەلەقاژێی نووسەرانی تەنك ئەندێش لە گەرەلاوژێی نەزانیدا

هەژێن
٢٠٠٧/٠٦/٠٨

بەشی سێیەم

هەروەك لە بەشی یەكەمی ئەم باسەدا ، پەنجەم بۆ ڕاكێشا، لە زمانی كوردیدا بە دوو شێوە واژەی (ئانارشیزم) بەكار براوە؛ جارێك بە هەڵە و لەژێر لاسایی زمانی فەرمی ئەو ولاتانەدا كە كوردستانیان بەسەردا دابەشێنراوە، لەوانە عەرەبی. جارێكیش بەمەبستی ڕامیاری نووسەرانی كورد، كە خۆی لە بەرژەوەندی پارتایەتی و پاشكۆیی بۆ داخوازییەكانی دەسەڵاتدا دەبینێتەوە. وەك لە بەشی یەكەمدا بڕیارمدا، دوو كەس وەك نموونە لەو نووسەرانە وەردەگرم، كە زۆر ئاشكرا و بێ بۆنە و ناپەیوەست واژەی ئانارشیزم تێكەڵ بە بابەتەكەیان دەكەن و ئەگەر بە وردی لە سەراپای بابەتەكەیان وردبینەوە، دەبینین ئامانجیان تەنیا هاوتاكردنی ئانارشیزمە لەگەڵ ئاژاوەچییەتی و گەرەلاوژێدا و لەهەردوو باردا بەرگریكردنە لە دەسەلات.

(ئیبراهیم مەلازادە- ژمارە ٣٠٦، خولی سێیەم، ڕۆژی ٢٠٠٧/٠٤/١٨ ماڵپەڕی دەنگەكان) و (ئالان حەمەسەعید- ژمارە ٦٨ی هەفتەنامەی ئاوێنە) هەردووكیان لە دوو نووسینی شێوە وەلام بە نووسەرانی ڕەخنەگر لە دەسەلاتی میری هەرێمی كوردستان، دەكەونە پاساوكردنەوەی ڕامیارییەكانی ڕژێم و سەركۆنەی ناڕازییان.

ئالان حەمەسەعید نووسینێكی بەناوی هەڵە گەورەكانی دڵسۆز حەمە. لە ژمارە (٦٨)ی (هەفتەنامەی ئاوێنە) ڕێكەوتی ٢٠٠٧/٠٥/٠٨ بلاوكردووەتەوە، كە من لێرەدا وەك نموونە لە خەروارێك نووسینی نێو ڕۆژنامە و گۆڤارەكان دەیدەمە بەر سەرنج.

ئالان حەمە سەعید لە وەڵام بە بابەتێكی بەڕێز(دڵسۆز حەمە)، بۆچوونەكانی خۆی لەمەڕ بابەتەكەی ناوبراو خستۆتەڕوو وەك خۆی نووسیویەتی پاشان زۆر سادە لە موغالەتەكانی ناوبراو دواوە!

سەرەرای ئەوەی كە من بابەتەكەی بەڕێز (دڵسۆز حەمە)م نەخوێندۆتەوە، بەڵام لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی كە هەم (دڵسۆز حەمە) ئازادە بۆچوونی خۆی دەربڕێ و هەم (ئالان حەمە سەعید)یش ئازادە ڕەخنەی ئاراستە بكات، خۆم هەڵناقورتێنمە نێو باسەكەیان، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا بە تێتری بابەتەی (دڵسۆز حەمە)دا دیارە كە بەرامبەر سەرۆك و دەسەلاتی بۆرژوازی كورد خۆشباوەڕە، سەرەڕای ئەوەش (ئالان حەمە سەعید) وەك پێنووسێكی سەر بە دەسەلات، سەرباری خۆشباوەڕی دڵسۆز حەمە، ئەو ئازادییە كرچ و كاڵەی پێ ڕەوا نابینێت و شمشێری كینەدۆزی پارتیانە (حزبیانە)ی بەڕوودا هەڵدەكێشێت و دەنووسێت پاشان لەو موغالەتانەی نووسەر بدوێم. ئەوەی من دەمەوێت لەم نووسینەدا پێی هەستم، وەلامە بە تۆمەت و پاساوە بێ بنەماكانی وی بۆ خوێنەر.

سەرەتا پێم خۆشە لەسەر واژەی موغاڵەتە بدوێم. ئەم شێوازی دەربڕینە لە دوو شوێندا باوە، دیواخانی دەرەبەگەکان و مینبەری مزگەوتەکان، کە هەر ڕەخنەیەك بەو شێوازە تیایاندا وەلام دەدرێتەوە. پاشان زمانکورتی نووسەر لە کوردیدا لەوەدایە، کاتێك کە نووسەرێك بە کوردی ڕەخنە لە سەرۆکێکی بۆرژوازی کورد دەگرێت، کەچی نووسەری موغاڵەتان، دەستەوداوێنی دەستەواژەکانی نێو مینبەرەکان دەبێتەوە. من ناچمە سەر هەلە بەکارهێنانی واژەکە و نابەجێ ترنجاندنی بۆ نێو وەلامەکەی، بەلام هێندە بەسە بلێم، کە لەوێدا واژەی موغاڵەتەکانی هێمایە بۆ شمشێر هەلکێشان بە ڕووی خامەدا!

نووسەر لە وەلام بە بەڕێز (دڵسۆز حەمە)دا دەنووسێت : خاڵێکیان لە شوبهاندنی پرۆسەی بەد ناوی ئەنفال و تیرۆر کردنی (دوعا) خۆدەبینێتەوە، کە ئەمە بەراوردێکی ناواقیعانەی دوو تراژیدیای لە یەکدی جیاوازە، تراژیدیای کوشتنی سەدها هەزار مرۆڤی کورد هەڵقولاوی ئایدیایەکی شۆڤێنیتی تاک ڕەوە کە لە دەرەوەی دەسەلاتی خۆی هیچی تری نەدەبینی کە ئامانج لێ سڕینەوەی نەتەوەیەک بوو لە وولاتێکدا کە عیراقی عەرەبی بوو.

نووسەری دەسەلات لە وەلامەکەیدا دەیەوێت بلێت لە نێوان بلۆککوژی دوعا و کۆمەلکوژی ئەنفالەکاندا جیاوازی هەیە. جێی خۆیەتی لێی بپرسین مەگەر ئەوانەی کە ئەورۆکە بڕیاری کوشتنی کچی ئەم و ژنی ئەو دەدەن، ئاغا و شێخ و مەلاکان نین، کە تا دوێنێ نۆکەری ڕژێمی بەعس بوون و لەناو ئەنفالدا دەستیان هەبوو یا لەبەرامبەریدا بێدەنگەیان هەلبژارد؟ مەگەر ئەوانەی ئەنفالیان جێبەجێ کرد، هەر ئەوانە نەبوون سەرۆکەکانی تۆ میدالیای چەکداری شۆڕشگێڕیان لە بەرۆک دان و ژن و کچی گیانبەختکردوانی ڕێگەی ئۆتۆنۆمی و سەربەخۆیی کوردستانیان بۆ کرایە پەردەوە و ئەورۆکە بڕیاردەدەن و ژن دەکوژن و ژن دەکڕن و لە فلیپین و ئەسیوپاوە کۆیلە ژن دێنن؟ مەگەر کوشتنی کۆمەلێك لە کوشتنی تاکێکەوە دەست پێناکات؟ مەگەر لە بلۆککوژی (دوعا)شدا وەك سوتاندنی گوندەکان و کوشتنە بە کۆمەلەکانی نێو ئەنفال بکوژانی مرۆڤ، هەلهەلە و (اللە اکبر)یان نەکرد؟ مەگەر بکوژانی دوعا وەك ئەنفالکەران جەستەی ژنیان ڕووت نەکردەوە؟ ئەتکی ئەوینیان نەکرد؟

تەنیا جیاوازییەك لەنێوانیاندا ئەوەیە، کە لە ئەنفالدا کۆمەلێك سەربازی عەرەب و بەکرێگیراوی کورد پەلاماری گوندنشینە سڤیلەکان دەدەن، لە ئەنفالی (دوعا)شدا کۆمەلێك کەلەپوتی کورد، پەلاماری کیژۆڵەیەکی ئەویندار دەدەن! بەڕای من کوشتنی گیانلەبەرێك و کوشتنی جیهان یەکە، مەگەر تەنیا لای چەکدار و نووسەرەکانی سەر بە دەسەلات (بوونەوەرە دڕندەکانی دەسەلات)، ئەو جیاوازییە بەدی بکرێت! لە ئەنفالی ١٩٨٨دا پاکتاوی ڕەگەزی گوندنشینە سڤیلەکان کرا، هەروا لە کوشتنی دوعا)شدا پاکتاوی ئەوین کرا، ئەوینی دوو مرۆڤ، کە خۆشەویستییان سنورەکانی خێڵ و نەتەوە و ئایین و پارتایەتی بڕیبوو. ئەوینی وان ڕچکەشکاندنێکی مەزن بوو، بۆیە بە بلۆك وەلامدرایەوە!
ئەنفالی ١٩٨٨ پاکتاوی مرۆڤە ئازادەکان بوو، ئەو مرۆڤانەی دەستەمۆی دەسەلاتی قەرەقوشی بۆرژوازی عەرەب نەبوون، لە ئەنفالی (دوعا)دا پاکتاوی ئەوینێکی ئازاد کرا،

ئەوینێك كە سەركێشی لە داب و نەریتی داڕزیوی ئێزیدی و كوردەواری دەكرد و كۆتوبەندە خێڵەكی و مەزهەبییەكانی دەپساند!

نووسەر دەنووسێت : بە پێویستی دەزانم هەلوێستەیەک لە سەر دیمۆگرافیای ناوچەکە بکەم،شوێنی ڕوودانی تیرۆر کردنی بەربەریانەی (دوعا) بەعشیقەیە،بەعشیقە ئەگەر لە ڕووی دانیشتوانییەوە هەرە زۆربەی کوردبن و زۆربەشیان ئایینی ئێزیدی و مەسیحین،

ئایا كەس هەیە نەزانێت، كە گشت ئایینەكانی تر لە عیراق و هەرێمی كوردستانیشدا ملكەچی ئایینی ئیسلام و یاسای بنەڕەتی عیراقی و هەرێمی كوردستانن. نووسەر وا باس لە ئێزیدی بوون، مەسیحی بوونی دانیشتوانی ئەو دەڤەرە دەكات، وەك بڵێی كە ئەوان ئازادن و ملكەچی دەسەڵات نین! ئەمە ڕوونكردنەوەیە بۆ خوێنەرانی بەڕێز یا بێ ڕێزییە پێیان؟

هەروەها دەنووسێت: بەڵام لە ڕووی كارگێڕییەوە ئەم ناچییەیە سەر بە پارێزگای(موسڵ)ە. لێرەدا ئەوە تێبینی دەکەین کە ئەو جوگرافیایەی تراژیدیایەکەی تێدا ڕووی داوە لە ڕووی ئیداریەوە سەر بە حکومەتی ناوەندە نەک هەرێمی کوردستان.

ئەگەر ئەمە فێڵكردن لە خوێنەر نەبێت ، ئەوا بە گێل زانینی خوێنەرە، چونكە كاتێك میری هەرێم بەشێك بێت لە میری ناوەندی، ئاواش پۆلیس و ئەمنەكانی هەرێم بەشێكن لە پۆلیس و ئاسایشەكانی میری ناوەندی، هەر بەو پێیەش، پاساوەكەی نووسەر هیچ لە سەرنجی خوێنەر و بینەر لە پرسەكە ناگۆڕێت! خۆ ئەگەر هەرێمی كوردستان وەك دەوڵەتی سوریە و توركیە، دەوڵەتێكی جیابووایە لە دەوڵەت و سنووری فەرمانڕەوایی عیراق ، ئەوا ئەم پاساوە پوچەمان لێوەردەگرت!

بۆ دەركەوتنی ئەو راستییە، لێی دەپرسین: ئەگەر دوعا كیژی نەك یەكێك لە سەرانی كورد، بەڵكو لێپرسراوێكی ئاسایی بووایە، ئایا هەر بەوجۆرە پۆلیس و ئاسایش-نەپارێزەكانی هەرێم لە بەرامبەر دەسەڵاتی میری ناوەندی (عیراقی)دا دۆشدادەمان؟

ئەگەر خۆمان گێل نەكەین، بەڕوونی ئەوەمان بۆ دەردەكەوێت، كە پارتی دیموكراتی كوردستان و میری هەرێم لەم بلۆككوژییەدا دەستیان هەیە و ئەوەش بۆ شاردنەوەی ئەو پەڵە ڕەشەی نێوچەوانی دەسەلاتەكەیانە، كە پارساڵ لە هێرش بۆ سەر ئێزیدییەكاندا بە نێوچەوانی دەسەلاتدارانی ئەو دەڤەرەوە نووسا و دەسەلات لە تۆڵەی ئەو فشارەدا كە لە كاردانەوە بەو ڕووداوەدا كەوتە سەری، چاوی خۆی لە ئاستی بلۆككوژكردنی (دوعا) دا نوقاند و ڕووداوەكەشی پەردەپۆشكرد.

باشە ئەگەر دەسەڵات و سەرۆكەكەی پاڵپشتی كوشتنی دوعا نەبوون، بۆچ (دوعا)یان دایەوە دەست كەس و كار و پیاوانی ئایینی ئێزیدی؟ بۆچ ئەو ڕۆژە لەشكری خۆیان لەو دەڤەرە كشاندەوە؟ بۆچ پۆلیسەكانی دەسەلات، كە زۆرینەیان بەپێی دەسەڵاتداری میری

هەرێم و پارتی دیموکراتی کوردستان لەو دەڤەرەدا سەر بە پارتی و میری هەرێمن، هیچ کاردانەوەیەکی تەنانەت ڕواڵەتیان لە خۆ نیشان نەدا؟

دەکرێ لە ئالان حەمەسەعید بپرسین؛ لە کاتێکدا کە لە ٢٠٠٧/٠٤/٠٧ دوعا بە ڕۆژی نیوەڕۆ و لە کەرنەڤالێکی ئەنفال ئاسادا و بە هەلهەلە و (اللە اکبر)ەوە، بە بەرچاوی پۆلیسەکانی دەسەلاتەوە بلۆککوژ دەکرێت، بۆچی تاوەکو کورتە فیلمی مۆبایلەکان بڵاو نەبوونەوە، دەسەڵات و سەرۆکەکەی بە گشت شێوەیەك هەوڵی پەردەپۆشکردنی ڕووداوەکەیان دەدا؟ دەکرێت، بە خوێنەران بڵێیت بۆ؟ دەکرێت پێمان بڵێیت، گەر میری هەرێم پشتی کوشتوبڕی ژنان ناگرێت و هەوڵی گرتن و دوورخستنەوەی ژنکوژانی داوە، چۆنە ڕێژەی کوشتن و توندوتیژی بەرامبەر ژنان لە کوردستاندا لە مانگی ئەپریل و ئایاردا واتە پاش بلۆککوژکردنی دوعا ١٨% زیادی کردووە؟* خۆ ئەمەش پاگەندەی ئانارشیستەکان نییە و دەرخستنی دڵۆپێکە لە دەریای تاوان لە کوردستانی ژێرچەپۆکی باوکسالاراندا!

پاشان بۆ پاساوی چاونوقاندنی دەسەڵات دەنووسێت: خاڵێکی دیکە کە نووسەر ئاماژەی پێدەدا،بێدەسەڵاتی هێزەکانی زێرەڤانی و ئاسایش و پۆلیس و سوپایە...! لێرەدا،بۆ نووسەرو خوێنەرانی بەڕێز بە پێویستی دەزانم هەلوێستەیەک لە سەر دیمۆگرافیای ناوچەکە بکەم،شوێنی ڕوودانی تیرۆر کردنی بەربەریانەی (دوعا) بەعشیقەیە،بەعشیقە ئەگەر لە ڕووی دانیشتوانییەوە هەرە زۆربەی کوردبن و زۆربەشیان ئایینی ئیزیدی و مەسیحین،بەڵام لە ڕووی کارگێڕییەوە ئەم ناچییەیە سەر بە پارێزگای(موسڵ)ە. لێرەدا ئەوە تێبینی دەکەین کە ئەو جوگرافیایەی تراژیدیایەکەی تێدا ڕووی داوە لە ڕووی ئیدارییەوە سەر بە حکومەتی ناوەندە نەک هەرێمی کوردستان.

وەڵامی ئەم پاساوە ئاوەزنەگیر و نالۆژیکییەی بۆ خوێنەرانی بە ویژدان بەجێدەهێڵم، تەنیا لەخۆی دەپرسم، ئایا خۆت و ئەو دەسەلات و سەرۆکەی کە پاکانەیان بۆ دەکەی باوەڕ بەم ترۆهاتە دەکەن، تاوەکو خوێنەری هوشیار و بەگومان لە هەناسەدانیشتان، باوەڕ بە پاساوی پوچ و بێ بنەمای وا بکەن؟

پاش ئەم خوێنەر خەلەتاندنە، نووسەر دێتە سەر ناساندنی شوناسی بکوژانی دوعا و دەنووسێت : تراژیدیای تیرۆر کردنی بەربەریانەی ئافرەتێکی ئیزیدی کورد کە (دوعا )یە، هەڵقوڵاوی کێشەیکی کۆمەڵایەتی و جوگرافیایکی دیاری کراوە کە هەندێک ئانارشیست کە هەڵگری کەلتووری شەڕەنگیزی و دڵڕەقین ئەنجامیانداوە، کە دەتوانین بڵێین نەلەڕووی ئامانج و جوگرافیا و زەمەن و میکانزمەوە ئەم دوو تراژیدیایە شیاوی لێکچوون نین.

پێشتر لە بەراوردەکەی دوام، لێرەدا دێمە سەر شوناس بەخشینەوەکەی. ئەوی نووسەر دەنووسێت هەندێک ئانارشیست کەواتە دەزانێت ئانارشیزم واتای چییە، بۆیە بە هەلە لێی وەرناگرم.

نووسەر زۆر بە مەبەستەوە ئانارشیزم بە ئاژاوەچییەتی تێکەڵ دەکات. با وای دابنێین کە ئانارشیزم دەقاودەق ئاژاوەچییەتی بێت، باشە خاڵی هاوبەشی ئاژاوەچییەتی و ناموسپەرستی و ژنکوژی چییە؟ ئایا لێرەدا مەبەستی شاراوەی نووسەر لە بەکارهێنانی واژەی ئانارشیست وەدەر ناکەوێت؟ خۆ ئەگەر خۆپیشاندانێکی جەماوەری یا هەڵکوتانە سەر بنکەی ئەمنەکانی هەرێم و پارتە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان بووایە، دەمانگوت ئێ، ڕێی تێدەچێت، کە دەستێك لە پشتییەوە هەبێت و دەسەڵاتدارانیش وەك پیشەی هەمیشەییان بۆیان دەلوا جەماوەر بە ئاژاوەچییەتی تاوانبار بکەن! بەڵام ئەمجارەیان خۆپیشاندان نەبوو، کەرنەڤاڵی مەرگ بوو، نەتەوەپەرست و مەزهەبییە کەلەپوتەکان سازیاندا و دڵی لێوانلێو لە ئەوینی کێژۆڵەیەکی سۆزداریان تێدا بەبلۆك پلیشاندەوە! ڕۆژی زیندووبوونەوەی یاسا و ڕێسا ڕزیوەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری بوو، ڕۆژی بادانی سمێڵی سەرۆکەکانی نەتەوە، پیاوە ئایینییەکان، پیاوە ناموسپەرستەکانی خێڵ بوو! کەرنەڤاڵێك کە دڕندەیی کۆمەڵگەیەکی تا سەر مۆخی ئێسقان باوکسالاری خستەڕوو! ڕۆژی جاڕدانی کۆنەپەرستی، ڕۆژی هەڵبڕینی شمشێر بە ڕووی خەندەدا، ڕۆژێکی پڕ شەرمەزاری! ڕۆژی نیشاندانی گڵۆپی سەوز بوو بۆ کوشتنی ئامینە و شەوبۆکان، ڕۆژی بە قەسابخانەکردنی کوردستان بۆ ژنان!

بەڵێ ئەوە ڕاستی شاراوەی پشت کوشتنی (دوعا)یە. ئەگەر لە ئەنفالەکاندا دوعاکان بە دەستی بەعسییەکان کوژران، ئەوا دوعای بەعشیقە بەدەستی نەتەوەپەرستەکان، بەدەستی خوداپەرستەکان، بە بەرچاوی میرییە دیموکراتەکانی کوردستان و عیراقەوە بلۆکباران کرا! هەر میری دیموکراتی هەرێمی کوردستان بوو، دوعای دایەوە دەست پارێزەرانی نەزانی و کۆنەپەرستی و هەرئەویش بوو ئەویندارەکەی دوعای خستە کونجی زیندانەوە! تۆ بڵێی شێخەکانی بەعشیقەش ئانارشیست بن؟ نووسەر دەتوانێت بۆمان ڕوون بکاتەوە، ئەگەر لە کوردستانی سەرۆکەکەی ویدا، ئەوین قەدەخە نییە و ژنکوشتن ئازاد، بۆچ ئەویندارەکەی دوعا ڕاپێچی سیاچاڵەکانی دیموکراسی کرا؟!

جێی خۆیەتی و پێویستە وەبیری نووسەر بێنمەوە، کە ئانارشیستەکان نەك باوەڕیان بەو مۆراڵە ڕزیوەی کورد و ئێزیدی و ئیسلام نییە، بەڵکو ناموسپەرستی وەك پاشەڕۆك لە ئاودەسخانە دەنێن. ئانارشیستەکان نەك باوەڕییان بە ناموسپەرستی نییە، بەڵکو مرۆڤ و ئەوین لە سەروی هەموو بەها نەتەوەیی و نیشتمانی و مەزهەبی و سەروەرییەکانەوە دادەنێن و نەك مرۆڤ لە ئەوینکردندا ئازاد دەبینن، بەڵکو هیچ دەسەڵات و یاسا و ڕێسایەك لە سەرووی مرۆڤەوە بە ڕەوا نابینن. سۆشیالیستەکان (ئانارشیستەکان) نەك لە ڕێکخستنی ژیانی مرۆڤەکاندا باوەڕییان بە هیچ کوت و بەندێك نییە، بەڵکو بە پێچەوانەی بیری باوکسالاری و خێڵەکی و مەزهەبی و نەتەوەییەکان خۆشەویستی بە بەردی بناخەی ژیانی مرۆڤەکان دادەنێن و خەبات بۆ دونیایەك دەکەن، کە هیچ دەسەڵاتێك لە سەروی تاکەکانەوە نەبێت و بێجگە لە خۆشەویستی و ڕێزگرتن لە ویست و ئارەزووی بەرامبەر، هیچ یاسایەك بە شیاوی سەروەری نازانن!

ئەگەر نووسەر بینووسیایە هەندێك نەتەوەپەرست، هەندێك ئێزیدی، هێندێك موسوڵمان، هێندێك ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان، هێندێك ئەندامی یەکێتی نیشتمانی

کوردستان، هێندێك لە هەر جانەوەرێکی تر لە قوماشی ئەوان، ئەوا ڕێی تێدەچوو خوێنەر لێی وەربگرێت، بەڵام سۆشیالیستەکان، کە لە هەموو جیهاندا سەرمەشقی ئازادی و ئەوین و ئازادی بڕیاردانی تاکن، ئەم تۆمەتبارکردنەی وی بۆ ئانارشیستەکان لە بێشەرمی نووسەر و چاپلوسی وی بۆ دەسەڵات زیاتر هیچی تر دەرناخات! ئاخر سەرۆکەی ئەو کە وی بەرگری لێدەکات، هێشتاکە وەك خێڵەکییەك بەرخورد نەك تەنیا بە کیژانی خۆی، بەڵکو بە کیژانی خێڵەکەی دەکات! ئەزیزەکەم هەر بە بڕیاری ئەو سەرۆکە قوماندەیەی تۆ بوو، پاش ڕاپەڕین هەزاران ژن لە زاخۆوە تا ئاکرێ بە بیانووی ناموپەرەستی و دەستتێکەڵاوی ڕژێمی بەعس بە دەستی ڕەجۆ گەرماڤی و قادر قاچاخ ڕەشەکوژی کران و هاوکات ئەو پیاوانەی کە ژنی کوردیان بۆ ئاسایشەکانی بەعس دەکردە پەردەوە، ژنانیان ئەنفال دەکرد، ژنە پێشمەرگەیان ئازار دەدا و ئەتك دەکرد، میدالیای چەکداری شۆڕشگێڕی پێ بەخشین!

نووسەر پاشان دەکەوێتە ئامۆژگاری بەڕێز (دلسۆز حەمە) و ئەم ڕستانەی بۆ ڕیز دەکات :
<u>لە هەژاری فیکری و مەعرفەی نووسەرەوەیە لە بەرامبەر ڕووداوەکەوە ئەم بەر پرسیارەتیە دەدرێتە پاڵ سەرۆکی هەرێم......</u>
<u>ئەم کارەساتە جەرگ برەو دژ بە هەموو بەها ئایینی و ئینسانیەکانە.........</u>
<u>بێبەرین لە ئینسانیەت و هەمووئایینە پیرۆزەکان......</u>
<u>دەنگی منیش بۆ ئەم کارەساتە وەک ڕەگەزی بەرامبەر لە پاڵ دەنگی تۆیە، بەلام خوێندنەوەیکی ناواقعی بۆ ئەو کێشەیە وەک بەرێزت ڕوونتکردوەتەوە، جێگای گومانە. خوێندنەوەیکی تەندرووست نییە بۆ کێشەکەو دەچێتە قالبی هەلچوون و ئینفیعالەوە زیاتر وەک لەوەی خوێندنەوەو شرۆڤێکی ئەکادیمو مەعریفی بێت.</u>

ئاخۆ دانش (<u>مەعرفە</u>) لای نووسەر چ واتایەك بگەیێنێت و بە کام پێوەر دانشی تاکەکان پێوانە کات، بە پێوەری تێڕوانینی خێڵەکی یا بە پێوەری دانشی مرۆیی؟ ئەی ئەگەر (دڵسۆز حەمە) بە باڵای سەرۆکدا هەڵیدایە و نەفرەتی لە ئەوینەکەی دوعا بکردایە، ئاخۆ پێوەرە دانشییەکەی (هەندێن حەمەسەعید) چۆن دانشی ناوبراوی دەپێوا؟

پاشان بە کامە لۆژیك وی دەوێرێت، بنووسێت کە کوشتنی دوعا دژ بە هەموو بەها ئایینییەکانە؟ دەتوانێت پێمان بڵێت بەها ئایینییەکان لە کوێ بوون و لە کوێن، کاتێك کە لە ئەوروپا کریستیانەکان ژنە جادووگەرەکانیان دەسووتاند، کاتێك کە کەنیسە دانی بە ڕەوایەتی کۆیلەداریدا نا، کاتێك کە ئیسلامەکان خێلە عەرەبە نا موسولمانەکان و جولەکەکان و گەلانی ناعەرەبیان ئەنفالدەکرد، کاتێك کە دەستبڕین و هەڵواسین و سالاتکردنی جەستەی مرۆڤیان لەسەر دەستی عوسمانییەکان داهێنا، کاتێك کە لە ڕواندا قەشەی کەنیسەیەك تەنەکە بەنزین دەداتە دەست چەکدارە جینۆسایدکەرەکان، تاوەکو هەلاتوانی خێلەکانی تر بسوتێنن، کاتێك کە ١٨٠ هەزار کوردی گوندنشینی سڤیل کوژران، ڕاگوێزران، ئەنفالکران، کچانیان بە دەوڵەمەندەکانی نیشتمانی عەرەبی فرۆشران، کاتێك پێنج هەزار مرۆڤ بە گازی کیمیایی خنکێنران، کاتێك کوردە موسولمانەکان پارساڵ بە بەرچاوی سەرۆکەوە پەلاماری داروپەردووی ئێزیدییان دا، کاتێك پاش کوشتنی دوعا کوردە موسولمانەکان لە سلێمانی و هەولێر پەلەماری کارگەرە ئێزیدییەکانیان دا،

بەهای ئایینی و مۆراڵی ئایینە پیرۆکانی تۆ لە کوێ بوون؟ بەهای مۆرالی و پیرۆزی سەرۆکەکانی تۆ لە کوێ بوو، کاتێك کە لە پاش ڕاپەڕین، بکەرانی ئەنفال و کیمیابارانیان ڕاموسی؟ دەکرێت پێمان بڵێیت لە کوێ بوون، بەکام دانشەوە چوونە ئامێزی خوێنڕێژەکەی عروبە؟

خۆ بە تەما نیت بڵێیت، ئەوانەش هەندێك ئانارشیست بوون؟ یا دەتانەوێت بەم ناوناتۆرەلێنانە، پاشەکشێ بە نووسەرانی ئازادە بکەن و تاوەکو واز لە ڕەخنە لە سەرۆکە پیرۆزەکانی خێڵ و نەتەوە بهێنن؟ بەڵام ئەوە خەون و خەیاڵە، بتوانن ڕەخنە لەبیر مرۆڤی ئازاد، خامە لە دەست نووسەری یاخی بەرنەوە و بستێنن!

لەوانەیە ئەورکە لەبەر بە هەڵەدەرککردنی واژەی (ئانارشیزم) و بە ئاوەژوو بەکاربردنی لەلایەن چڵکاوخۆرانەی دەسەلاتەوە، کەسانێك لە هەڵگری ئەم واژەیە سڵ بکەنەوە، بەلام دڵنیابە ڕۆژێك دێتە پێشەوە، کە هەزاران نووسەری ئازادە بە شانازییەوە ئانارشیستبوونی خۆیان ڕاگەیێنن و هەزارانیش بە شەرمەزارییە پاشگری خێڵەکی و نەتەوەیی و مەزهەبی لە ناوەکانیان بکەنەوە!

هیوادارم نووسەر، پێش ئەوەی بە خوێندنەوەی ئەم دێرانەی من چاوی سوور هەڵگەرێت، چاوێك بە نووسینەکەی خۆیدا بخشێنێتەوە و لە خۆی بپرسێت: ئایا پاساوەکانی، تۆمەتەکانی، پیاهەڵدانەکانی بۆ سەرۆك، ئاوەز دەیانگرێت، لۆژیك پەسەندییان دەکات یا ویژدانی زیندوو لە بەرامبەریاندا دەتوانێت بێدەنگی هەڵبژێرێت؟

* هەولێرپۆست - [11:24 , 03 Jun 2007]

**لە کوردستان کوشتنی ئافرەتان ١٨% زیادی کردووە**

نازم دڵبەند وتەبێژی ڕەسمی وەزارەتی مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند: بە پێی ئاماری وەزارەت کە بۆ هەر یەك لە مانگی ئایار و نیسان سازیداوە ڕێژەی کوشتنی ئافرەتان و توند و تیژی بەرامبەر ئافرەت لە چاو دوو مانگی پێشودا بە ڕێژەی ١٨% زیادی کردووە، لە بەشێکی تری قسەکانیدا وتەبێژی وەزارەت ئەوەشی ڕایگەیاند: بۆ ئەو مەسەلە دەبێت یاسای لێبوردن بۆ ئەو کەسانە توندتر بکرێت کە توند و تیژی بەرامبەر ئافرەتان دەکەن .